گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرین

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1886

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 14/08/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 01/10/2023
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# میتۆدی ئیستقرا و ڕەخنەی لۆژیکی

**دارستان عبدالرحمن حسين**

darstan.abdulrahman@uor.edu.krd

بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

لە ئێستادا میتۆد بوە بە پێویستی هەمو توێژینەوەیەك، توێژینەوەکە پراکتیکی بێت یان تیۆری، پشت بە میتۆدێك یان چەند میتۆدێك دەبەستێت، ئیستقرا وەك میتۆدێکی ئەزمونی بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕاستییە هەندەکییەکان و پاشان دەرهێنانی ئەنجامێکی گشتی لەو ڕاستیانە. میتۆدی ئیستقرا کە بەچەند هەنگاوێك دەستپێدەکات کە بینین و ئەزمونکردن و گریمانەو تاقیکردنەوە دواجار گەیشتن بەیاسایەکی گشتی یان تیۆرێك، لەلای هەندێك لە فەیلەسوفان کەوتەبەر ڕەخنەگرتنەوە لەوانە دیڤید هیوم، کارڵ پۆپەر، ڕەخنەی هیوم لە میتۆدی ئیستقرا ئەوەیە کە پێیوایە ئەگەر بڕیاری بەشی ڕاست بو واتای ئەوە ناگەیەنێت بڕیاری هەمو یان گشتی ڕاستە، کە ئێمە دەگەینە بڕیارێکی گشتی، کە ئاگرسوتێنەرە تاقیکردنەوە و ئەزمونی ڕابردو و ئێستا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، بەڵام بەڵگە چیە بۆئەوەی ئاگر لە داهاتوشدا دەسوتێنێت؟ بە بۆچونی هیوم ئێمە لە ئەزمونەوە فێردەبین کاتێك سەرەنج دەدەین لە دوبارەبونەوەی ڕوداوەکان بە شێوەیەکی نەگۆڕ چاوەڕێمان لادروست دەبێت کە ئەوەی دێت وەك ئەوە وابێت بینیومانە و دەیبینین، ئەوەی ئەم چاوەڕێیەش دروست دەکات تەنها خوگرتنمانە کە پێی ڕاهاتوین، نەك بەپێی یاسا و پرەنسیپێکی لۆژیکی و زانستی، چونکە یاسای سروشت قابیلی گۆڕانە ئێمە ناتوانین بە میتۆدی ئیستقرا بەسەرەنجامێکی گشتی ڕاست بگەین، کەواتە ناتوانین بە میتۆدی ئیستقرا پێشبینی داهاتو بکەین. هەروەها پۆپەریش بنەمای ئیستقرا بەشتێکی هەڵە دادەنێت، چونکە ئەو گریمانەیەی کە ئەو بنەمایە دەیان گرێتەبەر بەو پێیە بێت دەبێت ئایندە هاوشێوەی بێت لەگەڵ ڕابردومان، پۆپەر پێیوایە پێویستە باس لە دوبارەبونەوەکان نەکەین، بەڵکو باس لە دۆخە دروستەکان یان هەڵەبوەکان بکەین. بۆ ئەوەی تیۆرە هەڵەکان دەربخەین و بنەبڕیان بکەین، بۆیە پۆپەر میتۆدی (شیانی ڕەتکردنەوەی دانا)، دەڵێت ڕاستە ناتوانین ساغیبکەینەوە کە سبەینێش خۆر هەڵدێ، بەڵام دەتوانین بڵێین هەمو ڕۆژێك خۆر هەڵدێت ئەگەر ڕۆژێك خۆر هەڵنەهات ئەوا ئەم تیۆریە ڕەت دەبێتەوە. سەرەڕای ڕەخنەکان لە میتۆدی ئیستقرا هێشتا لە مەیدانی توێژینەوەکان کاری پێدەکرێت.

**وشە کلیلیەکان:** هیوم، پۆپەر، میتۆد، ئیستقرا، ڕەتکردنەوە، ڕەخنەی لۆژیکی

# The Method of Induction and Logical Criticism

Darstan Abdulrahman Hussein

Department of Philosophy, College of Humans, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region. Iraq.

## Abstract:

Currently, a method has become the fundamental for all researches. Whether they are practical or theoretical. It relies on a method or another. The induction method as an experimental method is collecting some quotative facts and then extracting a general result from them. The induction method which begins with several steps that observation, experimentation, hypothesis, and experiment to the theory. Some philosophers criticized this method, including David Hume. Karl popper. Hume's criticism for the induction method was that if a part of the decision was correct it does not mean that all the decisions are correct. For instance, no one can deny that fire is burning, and this has been proven in the past and present experiments. But there is no evidence to prove that fire can burn in the future. According to Hume Humans learn from experience when they pay attention to the frequent events in an infinite way. As we expect that is to come will be like what we have seen in the past and now. The cause for creating this is that we are used to do this. It is not related to any rules and logical scientific principle. As long as the rule of nature is an ongoing process. So we can't get the aim by the induction method so we can't predict the future through it. Although Popper claims that the principles of induction method are incorrect, providing the assumption that make them believe that the future and past should be alike. Popper believes that we don't need to talk about repetition but it needs to talk about the correct situation or mistakes. In order to show the wrong theories and eliminate them. For this reason, Popper set a method of (The possibility of refuting) he said that we cannot prove that the sun will rise tomorrow but we can say that the sun rises every day, provided that if the sun doesn't rise one day, the theory will be rejected. Despite the criticisms and different ideas on induction method, it is still used in the research field.

**Keywords:** Hume, Popper, Method, Induction, Refutation, Logical Criticism

## پێشەکی

توێژینەوە لە بابەتێکی وەك میتۆد کارێکی دژوارە، چونکە بنەمای هەمو توێژینەوەیەك میتۆدە. ئایا ئێمە بەبێ میتۆد دەتوانین توێژینەوە ئەنجام بدەین؟ ئایا دەتوانین پشت بە سەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ببەستین کە لە ڕێگەی میتۆدەکانەوە بە ئێمە دەگەن؟ ئایا ئەو بنەمایەی کە ئەو میتۆدەی لەسەر دامەزراوە تاچەند سەرئەنجامێکی یەقین بە دەستەوە دەدات. لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر میتۆدی ئیستقرا وەك میتۆدێکی ئەزمونی کە زاناکان پشتی پێدەبەستن و

لەسەرئەزمون بیناکراوە. ئەم میتۆدە پشت دەبەستێ بە چەند پێشەکییەك و دواتر دەرکێشانی ئەنجام لەم پێشەکیانە. میتۆدی ئیستقرا ڕوبەڕوی ڕەخنە بۆتەوە لەلایەن چەند فەیلەسوفێك، لەوانە دیڤید هیوم وکارل بوبر وەردەگرین. بەڵام لەبەر پێویستی بەم میتۆدە لەگەڵ ڕەخنەکانیشی نەتوانراوە دەست بەرداری بن لەکایەی توێژینەوەی ئەزمونی، و تائێستاش نەتوانراوە بنەمایەکی جێگرەوەو دڵنیایی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە کێشەی ئیستقرا وەك خۆی ماوەتەوە لە مەیدانی فەلسەفەو زانستدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاری دەبەستێت کە تێیدا میتۆدی ئیستقرا و ئەو ڕەخنانەی لێی گیراوە شرۆڤەکراوە.

**گرنگی توێژینەوە:** چ بەئاگاییەوە بێت یان نائاگایی لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەم میتۆدە بەکاردەهێنین، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە خوێنەر ئاشنای میتۆدەکە دەبێت، و بەئاگاییەوە سودی لێوەردەگرێت، و دەتوانێت بەکاریبهێنێت لە ئەنجامدانی توێژینەوە بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی پشت بەئەنجامی ڕێژەیی دەبەستن.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە جگە لە ئاشناکردنی خوێنەر بە میتۆدی ئیستقرا، خستنەڕوی لایەنی بەهێزو لاوازی میتۆدەکە، و شرۆڤەکردن و خستنەڕوی ئەو ڕەخنانەی لێگیراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر لەبەکارهێنانی ئەم میتۆدە نەکەوێتە هەڵەوە.

**گریمانەی توێژینەوە:** هەرچەندە دەرنجامەکانی میتۆدی ئیستقرا ڕەها نین، بەڵام سودێکی زۆری لێدەبینین لە ژیانی ڕۆژانە، و لە توێژینەوە زانستییەکانیشدا پشتی پێدەبەستین، چونکە ئەگەر نەتوانین لایەنە دروستییەکەی بەرهایی بسەلمێنین، لە بەرامبەریشدا ناتوانین لایەنە هەڵەکەی پشت ڕاست بکەینەوە. بۆیە ناتوانین دەستبەرداری بین.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە شرۆڤەکردن و خستنەڕوی کێشەی میتۆدی ئیستقرا کە لەلایەن چەند فەیلەسوفێك دوچاری ڕەخنەو ڕەتکردنەوە بۆتەوە لەوانە: دیڤید هیوم و کارل پۆپەر، ئەم کێشەیە تاوتوێ دەکەین و بیرو بۆچونی هەریەك لەم دو فەیلەسوفە لەم بارەیەوە دەخەینەڕو.

**پلانی توێژینەوەکە:** لە ڕاستیدا بابەتی توێژینەوەکە زیاتر لەوە هەڵدەگرێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پێویست دەکات پابەندی ڕێنماییەکانی نوسین بین لە بڵاوکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە ناچاربوم لەدو بەشدا کورتی بکەمەوە، کە هەر بەشەی لە چەند باسێك پێکدێت، لە **بەشی یەکەم:** دەروازەیەك بۆ میتۆدی ئیستقرا: پێکهاتوە لە دو باس: باسی یەکەم: لۆژیکی ئیستقرا کە پێکهاتوە لەچەند بابەتێك 1-ئیستقرا چییە؟2- لۆژیکی ئیستقرا،3-باسی میتۆدی ئیستقرا و هەنگاوەکانیم کردوە4- کێشەی ئیستقرا، **باسی دوەم:** تایبەتە بەفرانسس بیکن دامەزرێنەری ئیستقرای نوێ، **لە بەشی دوەمدا:** کە پێکهاتوە لە دوباس و هەریەکەیان دو تەوەرە لەخۆدەگرن، **باسی یەکەم**: لەم باسەدا تێروانین و ڕەخنەی هیوم بەرامبەر ئیستقرا خستۆتەڕو، کە دو تەوەرە لەخۆدەگرێت. **تەوەرەی یەکەم:** بنەماکانی زانین، **تەوەرەی دوەم:** ڕەخنەی هیوم لەمیتۆدی ئیستقرا. هەرچی **باسی دوەمە:** تایبەتە بەڕەخنەی پۆپەر لە میتۆدی ئیستقرا، کە ئەویش دو تەوەرە لەخۆدەگرێت. **تەوەرەی یەکەم:** لە ڕوی سایکۆلۆژی **تەوەرەی دوەم:** لە ڕوی لۆژیکییەوە. دەخوازم لەم توێژینەوەیە توانیبێتم پەردە لەسەر کێشەیەکی هزری فەلسەفی لابدەم، کە لە فەلسەفەی کلاسیکەوە تا ئەمڕۆ بیری زۆر لە زاناو فەیلەسوفانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە.

## بەشی یەکەم: **دەروازەیەك بۆ میتۆدی ئیستقرا**

### **باسی یەکەم: لۆژیکی ئیستقرائی (inductive logic)**

1- ئیستقرا[1] (INDUCTION)چییە؟

ئیستقرا: وەك میتۆدێکی ئەزمونی زاناکان پشتی پێدەبەستن لە توێژینەوەی ئەزمونی زانستیدا، بە چەند هەنگاوێك دەست پێدەکات ئەوانیش تێبینیکردن، گشتاندن، گریمانەو تاقیکردنەوە و دواجار گەیشتن بە یاسایەکی گشتی یان تیۆرێك (الخولی،1988، 68). لە فەلسەفەی نوێ و هاوچەرخدا پۆزەتیڤزمە لۆجیکیەکان ئەم میتۆدەیان بەکارهێناوە بۆگەیشتن بە زانینێکی زانستی دروست، پۆزەتیڤیزمە لۆجیکییەکان کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەر ناوەندی زانستی لە سەدەی بیستەم دا. چەند ڕاوبۆچونێکی جیاجیا لە بارەی پێناسەی ئیستقرا (ئیندەکشن) هەن و بەشێوازی جیاواز خراونەتەرو، بەڵام پێناسە گشتیەکەی میتۆدی ئیستقرا بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕاستییە هەندەکییەکان پاشان دەرهێنانی دەرەنجامێکی گشتی لەو ڕاستیانە. (فهمی زیدان،2007، 30)

2- **لۆژیکی ئیستقرا** ئەم خوێندنەوەیە ئامانجی دانانی یاساگەلی گشتییە کە ڕاڤەی دیاردەکان بکات یان مرۆڤ توانا دار بکات لە پێشبینیکردنی ڕودانی لە داهاتودا. لە خوێندنەوەی زانستیدا، بۆ لێکۆڵەر ئاسان نییە تێبینی (هەمو) تاکەکان لە تاکەکانی دیاردەکە بکات، کە لێی دەکۆڵێتەوە، لە هەر شوێنێك و لە هەر کاتێکدا، لە بەر ئەوە لێکۆڵەر ناچاردەبێت تێبینی نمونە گەلێك بکات، دواتر لەوەوە بڕیارەکەی بگشتێنێت بەسەر کۆی تاکەکانیدا، ئەم گشتاندنەش خۆی لە یاسا زانستیەکاندا دەنوێنێت، کە پێویست بۆ پێشکەوتنی زانست لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە ژیانی ڕۆژانەمان ساناتر دەکاتەوە، ئەم گشتاندنە دو بابەت پاساو دەدات: یەکەم بیرو بۆچونمان بەوەی کە هەمو دیاردەیەك (هۆکار-یان هۆ) هەیە کە ڕودانی پێویست دەکات، و بۆ هەر هۆکارێکیش ئەنجام هەیە کەلێیەوە دەکەوێتەوە، ئەمەش بریتییە لە (یاسای باڵای گشتی)، دوەم: باوڕمان بە سیستماتیکبونی سروشت، و ئەوەی دیاردە سروشتییەکان لەسەر یەك ڕێکخستن دەڕۆن کە ناگۆڕێت، ئەمەش بریتییە لە (یاسای ڕێکوپێکی سروشت). (عبدوالجەبار، 2010، 134-135).

ئەو بیرۆکە سەرەکیەی کە ڕەوتی (ئیستقرا) پشتی پێ دەبەستێت بریتییە لەوەی کە زانست لە سەرەتادا لە تیبینیەکان (ملاحظات) دەست پێدەکات و دواتر بەهۆیانەوە بەرەو گشتگیرییەکان دەگوازرێتەوە کە بریتین لە (یاساکان، تیۆریەکان، پێشبینیەکان) هەروەکو لە ڕێگەی پیادەکردنی میتۆدی زانستیانەدا زاناکان دەستدەکەن بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تێبینیە وردەکان، لە دەرەنجامدا دەگەن بە هەندێك گشتاندن لە ڕێگەی وەرگیراوە هەستەکیەکان کە بە دەست هاتون، دواتر لەسەر ئەو بنەما گشتگیرانە دەگەنە پێشبینی دیاری کراو (جیلز،2009، 97) میتۆدی ئیستقرا بۆ بە دەستهێنانی سەرئەنجامێکی گشتی لە چەند دیاردەیەکی بەشەکی، تاکی بەچەند قۆناغ و هەنگاوێکدا تێدەپەڕێت.

### 3 - هەنگاوەکانی میتۆدی ئیستقرا

1-**تێبینیکردن**: لێکۆڵینەوە دەست پێدەکات بە تەماشاکردنی چەند نمونەیەکی دیاری کراو کە دەبێت وردو مەبەستدار بێت (الخولی،1988، 62) ئەو کەسەی کە تەماشاکردنەکە ئەنجامدەدات دەبێ کەسێکی زۆر بە توانا بێت، ئەم تەماشاکردنە تەماشاکردنێکی مەبەستدارە (علی،1997، 47-49). دەبێت ئەو تەماشاکردنە تاقیبکرێتەوە بۆ دڵنیابون لە ڕاستی بابەتەکە.

2- **گشتاندن**: ئەو نمونانەن کە توێژەر تەماشای کردوە و تاقیکردۆتەوە هەڵدەستێ بەگشتاندن و کۆتایی بەو تەماشاکردنە دێنێت، بۆ نمونە چەند دارێك لە ئاگرێك نزیکدەکەینەوە دەبینین دەسوتێن لە ئەنجامی تەماشاکردنی بەردەوامماندەوە دەبینین بۆمان دەردەکەوێت کە هەمو دارەکان شیمانەی سوتاندنیان هەیە.

3-**دانانی گریمانە**: لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات بۆ چەسپاندنی گریمانەیەك کە بەدەستیهێناوە لە (گشتاندنی ئیستقرا)ییەوە وەك چەسپاندنی ئەوەی کە دار شیاوە بۆ گڕسەندن، چونکە لەگەڵ ئۆکسیجین یەکدەگری.

4-**پێداچونەوە بە تاقیکردنەوە لە ڕاستی گریمانەکان**: لێرەدا گرینگی تاقیکردنەوە دەردەکەوێت بۆ دەرکردنی بڕیاری کۆتایی کە زانا پەنای بۆ دەبات، بۆی ڕون دەبێتەوە تاچەند گریمانەو تاقیکردنەوەکانی کە ئەنجامی داوە ڕاست و دروستە.

5-**سەلماندن یان پوچەڵکردنەوە**: ئەمە بەرهەمی سروشتی بەدەستهاتوی هەنگاوەکانی ڕابردوە، ئەگەر سەلمێندرا کۆتاییدێت بەبونی گریمانە لە چوارچێوەی زانستێکی ڕاستیدا ئەگەر پوچەڵکرایەوە دەبێ وازی لێبهێنرێت و پەنابرێتە بەرگریمانەیەکی تر.(الخولی،1988، 62-66)

**4 -کێشەی ئیستقرا:** ئارگیۆمێنتەکانی ئیستقرا پشت دەبەستن بەو یاسا دوبارەبوانەی کە لە ڕابردودا بینیومانن، بۆ گەیشتن بە سەرەنجامێك سەبارەت بەو حاڵەتانەی کە نەبینراون یان هێشتا ڕویان نەداوە، لێرەدا پشت دەبەسترێت بەگریمانەیەك کە سروشت ناگۆڕێت، واتا ئەوەی لە ڕابردودا بینیومانە وەك یاسایەك لە سروشتدا ئیشی کردوە، گریمانەکە ئەوەیە ئەو یاسایە هەروا دەمێنێتەوەو وەك یاسایەك لەداهاتوشدا ئیش دەکات.

لێرەوە فەیلەسوفی ئەزمونگەراو گومانگەرا دیڤد هیوم کەوتە ڕەخنەگرتن لەم میتۆدە ئەو دەیێژێت لە میتۆدی ئیستقرا پشتدەبەسترێت بەو گریمانەیەی کە سروشت ناگۆڕێت ئەو هەڵوێستەش لەوەوە دروست دەبێ کە باوەڕمان وایە ئەو ڕوداوانەی لە سروشتدا ڕویانداوە لە ڕابردو و ئێستادا ئەوا بە هەمان ڕێگاو لەسەر هەمان یاسا لە داهاتوشدا وا دەبێت و دوبارە دەبێتەوە لەسەر هەمان بنچینە، لێرەوە هیوم دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بیروباوەڕە. (زیدان، 1968، 40) هیوم پێیوایە چۆن دەتوانین بزانین لەداهاتوشدا هەمان شت دوبارەدەبێتەوە، بەهەمان شێوە وەك ئەوەی لەڕابردودا ڕویداوە؟ چۆن دڵنیابین کە یاساکانی سروشت ناگۆڕێت، چۆن دەتوانین ئەو گریمانەیەی ئیستقرا پشتی پێ بەستوە ساغی بکەینەوە؟ ساغکردنەوەی گریمانەکان ئاسان نییە بەهەوڵی ساغکردنەوەی ئەم میتۆدە و بەرپەرچدانەوەی ئەم هەوڵە دەگوترێت کێشەکانی ئیستقرا، کە (لەبەشی داهاتودا بەڕونی باسی دەکەین).

## باسی دوەم: میتۆدی ئیستقرا لە دید و تێڕوانینی (فرانسیس بیکن)دا[2]

بۆ ئاخافتن لەسەر میتۆدی (ئیستقرا) تێگەیشتن لەم میتۆدە و ئەو ڕەخنانەی لێی گیراوە پێویستە باس لەسەرهەڵدان و بنەمای ئەم میتۆدە بکەین بۆ ئەمەش دەبێ بگەڕێینەوە لای (فرانسس بیکن) کە فەیلەسوفێکی مۆدێرنیتەیە و لەڕوی ئیسپتیمۆلۆژیەوە بە دەستپێکی فەلسەفەی نوێ دادەندرێت و بە دامەزرێنەرو بناغەڕێژی ئەم میتۆدە دادەندرێت. بۆ ئەوەی بزانین ئەم میتۆدە چیە و بۆچی ڕەخنەی لێ گیراوە، دەبێ بزانین فرانسیس بیکن کێیە وسەر بەچ ڕێبازێکە؟ و میتۆدەکەی چییە؟ فرانسس بیکن سەر بە ڕێبازی ئەزمونگەرییە، فەیلەسوفانی ئەم ڕێبازە پێیان وایە تاکە سەرچاوەی زانین ئەزمونە، بە پێچەوانەی عەقڵگەراکان، ئەزمونگەراکان پێیانوایە ئەزمون تاکە ڕێگەیە بۆ زانینی حەقیقەتەکانی جیهان.(جینز، 1981، 57-58).

لێرەوە ئەزمونگەراکان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەتوانین زانیاری سەبارەت بە جیهانی دەرەوە پەیدا بکەین. دواتر هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنی ئەو زانیاریانە و ئەنجام هەڵهێنجان و پێکەوە گرێدانی لەگەڵ زانیاریەکانی تر ئەرکێکی گرنگی ئاگامەندییە، بەڵام سەرچاوەی یەکەم تەنها زانیارییە هەستیەکانمانن. (ماگی،2010، 158) فرانسس بیکن بە دامەزرێنەری میتۆدی ئیندەکشن (ئیستقرا)ی ئەزمونی ناسراوە کە پێیوایە کۆی زانیارییەکانی مرۆڤ دەربارەی جیهان و سروشت بۆ ئەزمون و بینین دەگەڕێتەوە، ئەمەش ڕەخنەیەکە ئارەستەی بابەتی میتافیزیا کراوە، وەك ئەوەی ڕۆڵی هەبێ لە بەدەستهێنانی زانیندا، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە مەبەست لە زانین و فێربون تەنیا بریتییە لە زیادبونی کۆنترۆڵی مرۆڤ بەسەر سروشتدا، بەڵام ئەم مەبەستە ناکرێت بە دەست بهێندرێت تەنیا لە ڕێگەی ئەو فێربونەوە نەبێت کە هۆ و هۆکارە پەنهانەکانی شتەکان دەردەخات، ئەمە شێوازی فێربونی کۆنە (فەلسەفەی قوتابخانەیی) لەسەری ڕۆیشتوە. (نبیل،2010، 223-225) بیکن ڕەخنەی لە میتۆدەکانی پێشو و بەڵگەداریەکانی سەردەمی کۆن گرتوە پێیوابو نەك تەنیا هەڵەن بەڵکو (زیادە)شیان هەیە، پێیوابو لەجیاتی پەیڕەویکردن لە بیروباوەڕی ئەوانیتر و سەرنجدانی قسە گەورە و بۆشەکان پێوستە دەست بە (تێبینی) و (ئەزمون)بکەین، و سودێکی ماددی لە زانست وەرگرین، بە بیروڕای ئەو زانست لەسەر شێوازی میتۆدی (ئیستقرا) بەدەستدێت نەك شێوازی پێوانەو ئامانج.(میهرین، 2009، 140-141) بیکن پێیوابو بۆ ئەوەی هزری فەلسەفی و زانستی لەسەر بنەمای ڕاست و دروست دابمەزرێت پێوستە تیشك بخرێتە سەر لایەنی لاواز و کەموکوڕی و نالەبارییەکانی لۆژیکی کۆن کە بە لۆژیکی ئەرستۆ ناو دەبردرێت، بیکن لۆژیکەکەی ئەرستۆی بە ئۆرگانون ناوبردوە، بەڵام شاکارەکەی خۆی بە ئۆرگانونی نوێ ناوبردوە و ئاماژەی بە پێنج بەرهەمە لۆژیکەکەی مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ) دەکات و ڕەخنەی لێدەگرێت، کارەکەی خۆی بە نوێ و ئەوەی ئەرستۆ بە کۆن ناو دەبات. بیکن ڕەخنەی لێدەگرێت و پێیوایە لۆژیکی ئەرستۆ چاوەڕێی هیچ سودێکی لێ ناکرێت، چونکە لە جیاتی توێژینەوەی بابەت و دۆزینەوەی قانونە سروشتییەکان سەرگەرمی توێژینەوەو شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی وشە وچەمك بوە، (پێوانە) کە ئەرستۆ کردویەتی بە بەشی سەرەکی لۆژیکەکەی لە چەند پرۆپۆزشنێك (دەستەواژە) پێکهاتوە، ئەویش لەچەند گوتەیەك پێکهاتوە کە چەند هزرۆکەوانەی نێو مێشك دەردەبڕن، شتێکی ئەوتۆ نادەنە دەست کە بایەخێکی زانستیانەی هەبێت، بۆیە دەبێ پەنا بۆ لۆژیکی نوێ ببرێت، لە جیاتی پێوانە پشت بە ئیستقرا ببەسترێت، بیکن ئیستقرا (دیدەکشن) ئامراز و میتۆدی بیرکاری لەگەڵ (ئیندەکشنی) میتۆدی زانستی فیزیکدا بەراورد کردوەو تای تەرازوی بەلای ئیندەکشندا شکاندۆتەوە. (عەزیز،2012، 58-59) بۆ لابردنی ئەو کەموکوڕیانە و ئەو ڕەخنانەی لە فەلسەفەی کۆن هەبو بیکن شێوازێکی نوێی بۆ گەیشتن بە زانست پێشنیاز کردوە میتۆدێکی نوێی بۆ بیرکردنەوە داهێنا کە پێیاندەوت (مەنتقی تازە -ئۆرگانیزمی تازە). (میهرین، 2009، 140-141).

بیکن لەم بەرهەمەیدا باس لەو ڕێگەیە دەکات کە مەعریفەی لێوە بەدەستدێت کە پێویستە دوبارە لێی بڕوانرێتەوە و چاك بکرێت. پێیوابو یەکەم هەنگاوی ئەم چاککردنە لە پاككردنەوەی ئاوەز لە چەمکە پێشینەییەکان (میتافیزکیەکان) و حکومە تێگە نەگۆڕەکاندا، واتا وەهمەکان(I doles)[3] کە هەڕەشە لە مەعریفەی دروست دەکات بە بەردەوامی، پێیوابو ئەم وەهمانە دەگەڕێنەوە بۆ (خوەکان)ی ئاوەز، هەندێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ (خوەکان)ی خەڵك کە لێکۆڵەرێك یان دو لێکۆڵەری وەك یەك جیادەکاتەوە، یان لە کەموکورتی زمان یان وردنەبونەوەی، هەروەها پەسەندکردنی کوێرانەی بۆچونەکان، واتا بیکن وەهمەکان کە کار لە زانینی دروستی مرۆڤ دەکەن دابەشی کردون بەسەر چوار وەهم:

**وەهمی یەکەم: وەهمی خێڵ**: ئەم جۆرە وەهمانە مرۆڤ لەگەڵی ڕاهاتوە و هاوبەشە لە نێوان هەمو تاکەکاندا پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە بە خێڵ و ڕەگەزی مرۆڤەوە بەندە وە بە ئاسانی ناتوانی دەست بەرداری بێ، مرۆڤ لەوەدا

بەهەڵە چوە کە هەستی خۆی بە پێوەری شت دادەنێ بە پێچەوانەوە پەیڕەدنی هەست و ژیری بەشت پەیوەندی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە نەك جیهان .

**وەهمی دوەم: وەهمی ئەشکەوت**: ئەو وەهمە یا ئەم جۆرە هەڵەیە تایبەتە بە تاکە کەسەوە و جیهانێکی تایبەت بە خۆی، ئەشکەوتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەربەستی تیشکی ڕوناکی سروشتی دەکات و تێکیدەدات و دەیشێوێنێ، ئەو ڕەوشە بە هۆی ڕۆشەنبیری تاکە کەس یان بەهۆی فەرهەنگ و ڕۆشەنبیری و پەیوەندی بەکەسانی تر دەکەوێتەوە ئەو کاتە ژیری مرۆڤ بەهۆی ئەو جۆرە هەڵە جیاوازانە دەگۆڕێ و تێکەڵوپێکەڵ دەبێ دەکەوێتە ژێر باری ڕێکەوتەوە، ئەو جۆرە وەهمانە کار لە کەسایەتی مرۆڤ دەکەن و دەبنە مایەی ئەوەی تاکەکان جیاواز بن هەر یەکەو لەو ئەشکەوتەی گیری تێدا خواردوە سەرەنجی دەورو بەری دەدات.

**وەهمی سێیەم: وەهمی بازاڕ:** ئەو وەهمە و بە هەڵە چونە لە پێکهاتەی زمان دەکۆڵێتەوە کە پێوستیەکی کرداری و گشتییە و بۆچونی گشتییە، وەزاڵە بەسەر بۆچونمان بۆ شتەکان، زمان ئامرازی پەیوەندییە بۆیە دەکرێ جۆرە بەتەفرە بردن و تێنەگەیشتن بهێنێتە ئاراوە و بنچینەی جەدەل تەنها زمانە.

**وەهمی چوارەم: وەهمی شانۆ:** ئەم وەهمە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرە بۆماوەییە بە دەسەڵاتەکان، وە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ و ئەفلاتون و فەیلەسوفانی پێشوتر کە لێکدانەوەی شتیان کردوە بە دەربڕینی ڕوت، ئەم جۆرە لە وەهم بەزەحمەت جیا دەکرێتەوە لە جۆری سێیەم کە وەهمی بازاڕە، بیکن ئەم جۆرە لە وەهم دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکهاتەی سروشتی تاکایەتی و زانیاری کەسی، وە کەلتوری دەسەڵات و دەی گێڕێتەوە بۆ کەموکوڕی پێکهاتەی عەقڵی کە وامان لێ دەکات بەهەڵەدا بچین لە تێگەیشتنی ڕاستی، پێوستە خۆمان ئازاد بکەین لەو کێشانە بۆ ئەوەی عەقڵ بگەڕێتەوە سەرباری تابلۆیەکی ساف و ڕون بەبێ ئەوەی بشێوێت واتا (شتەکان وەکو خۆی وەربگیرێت ).(کرم،2011، 52-53).

فرانسس بیکن هەوڵی داوە لەدو ڕێگەوە دورکەوێتەوە لەفەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەو ڕەخنەیەی لە لۆژیکی ئەرستۆ هەیەتی، بۆ بەزانستکردنی فەلسەفەو ئەوەی کە زانست بخرێتە خزمەتی مرۆڤەوە.

لە دو هەنگاوەوە بیکن تێکۆشاوە هزرو بیری مرۆڤ پاك بکاتەوە، لە هەمو بڕیارێکی پێشیانەو ئەو هەڵانەی کە مرۆڤ تێیکەوتون کە چواربتەکان بون، دوەم: هەوڵی داوە لە ڕێگەی میتۆدەوە کە پێی وایە میتۆدی ئەزمونی میتۆدی ڕاست و دروستی و بیرکردنەوەیە کە بریتییە لە ئیستقرا (ئیندەکشن). لێرەوە بیکن زانیارەکانی بە ئەزمون بەستەوە و بە پێی میتۆدی ئیستقرا لە بابەتە تاکەکانەوە ڕوی کردە بابەتە گشتییەکان، پێشەکییەکان دەبنە لێکەوتنەوەی (بەرەنجامەکان) دۆزێکی بنیات نراو لەسەر بنچینەی چەمکەکان کە لە ڕێگەی گشتاندن و میتۆدی ئیستقرا پێی دەگەین. واتا لە فیزیکەوە چو بۆ میتافیزیك، و ماتماتیك و ئەندازەی بە دو زانستی بەرز داناوە، چونکە بەڵگە نەویستەکانی (بەدیهی) چەسپاون و نەگۆڕن، بۆ نمونە: 3<5 و، سێگۆشە سێ لای هەیە، دو ڕاستەقینەی هەرگیز نەگۆڕن، کە هەمیشە وەکو خۆیان دەمێننەوە .(کەمال، 2002،135-136). ئەم ئاڕاستەیەی زۆری نەخایاند کە لەمیانەی تێزەکانی فەیلەسوفانی تر بە زۆری فەیلەسوفە ئینگلیزەکان بڵاوببوەوە و بەرەو پێش چو، زۆربەی ئەزمونگەرە کلاسیکیەکان بەریتانین، پێگەی بەرزی ئەزمونگەرایی بەریتانی ئیسکۆتلەندی، ئیرلەندی لە سەدەی 17و18 دابو، سەرچاوەو بنەڕەتی دەرکەوتنی ئەزمونگەراکان دەگەڕێتەوە بۆ میتۆدی زانین لای جۆن لۆك 1603-1704 و جۆرج بارکلی 1685-1753 و دیڤید هیوم. تەواوکەری لۆژیکی ئەزمونگەرایی بەکاری ئەم سێ فەیلەسوفە دادەندرێت، هەر ڕەوتو ڕێبازێك دەردەکەوێت لەسەر هەر بنەماو میتۆدیك بێت، هیچ کات نەبوە لەلایەن هەمو فەیلەسوفەکان قبوڵ بکرێت یاخود بەتەواوەتی ڕەتبکرێتەوە. میتۆدی

ئیستقرا وەك هەر میتۆدیکی تر لەلایەن هەندێك لە فەیلەسوفەکان کەوتە بەرلێشاوی ڕەخنە لێگرتن، لەوانە دیڤید هیوم و کارڵ پۆپەر .......هیتر.

## بەشی دوەم: ڕەخنەی فەلسەفی لە میتۆدی ئیستقرا

## باسی یەکەم: میتۆدی ئیستقرا و ڕەخنەی هیوم

### تەوەرەی یەکەم :بنەماکانی زانین

دیڤید هیوم[4] فەیلەسوفی ئەزمونگەرو گومانگەرو ڕەخنەگر، پێیوایە تاکە سەرچاوەی زانین ئەزمونە، پێیوایە زانیاری لە ڕێگای هەستەکان و ئەزمونەوە پەیدا دەبێ، و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرجەم زانینەکانمان سنوردارە و لەهەستەکانمان و تێڕاوانینەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هیوم لەم باوەڕەدا بو کە ئەزمون وشارەزایی تاقیکردنەوە لە ڕێگای هەستەکانەوە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانینە. (لاوین،1286، 188-189) هیوم دەرك کردنەکان بۆ دو جۆری جیاکراوە دابەش دەکات لە سەرەنجەکان (انطباعات) و تێگەکان (ئەفکار)، سەرنجاکان بریتییە لە دەرکردنەکان، پەی پێبردنەکان، کە دێتە ناو ئاوەز بە پلەیەکی بەهێز و توندو تۆڵ و گەرم و گوڕیەوە خۆیان بەسەر ئاوەزدا دەسەپێنن، ئەمانە وەردەگیرین لە هەست پێکراوەکان (الاحساسات) و (سۆزەکان) و (هەڵچونەکان). (متی،2001، 200) هیوم لەکتێبەکەی (لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتی) لە بارەی تیۆری زانینەکەی دەدوێت لەو ڕوەی ئێمە دەرکی جیهان دەکەین لە ماوەی سەرنجەکان و تێگەکان، کە وێنەیەکی وەرگیراوی سەرنجە هەستیەکانە لە بیرکردنەوە، پاشان خانەی پاراستنی زانیاریەکانی مرۆڤ هەڵدەستێت بە پاراستنی ئەو تێگانە بە پێی ڕێکخستن و ڕیزبەندی ڕوداوەکە، و دواتر خەیاڵ هەڵدەستێت بە دوبارە ڕێکخستنەوەی کە لە سەرنجەکان وەرگیراوە، و تێکەڵ کردنیان و دەرککردنی بە شێوەی ئاڵۆزتر، هەمو ئەوەی ئێمە دەیزانین هەمو تێگەکانمان لە ئەزمون سەرچاوەی گرتوە، مەحاڵە بۆ ئێمە بتوانین بە ئاوەزمان تێگەیەك دروست بکەین کە پێچەوانەی کاریگەرییە هەستیەکان بێت (ابودیة،2009، 230-231). بۆیە هیوم دەڵێت: لە خەیاڵی خۆمدا شارێکی وەکو ئۆرشەلمی نوێ وێنا بکەم کە پێکهاتەی زەویەکەی لە زێڕ بێت و دیوارەکەی لە یاقوت هەرچەندە شارێکی وام نەبینیوە. ئایا ئەمە تێگەیەك نیە بۆتە شارێکی ئاڵۆز بەبێ بونی کاریگەری هاوتاکەی لە جیهانی دەرەوە؟ بەڵام ئەو تەسەورە ئاڵۆزە لێکدراوە دەتوانین شیبکەینەوە بۆ چەند سەرنج و کاریگەرییەکی سادە بۆ نمونە (زێڕ –دیوارەکان – یاقوتەکان) کە لە خەیاڵدا دروست بوە، واتا خەیاڵ هەڵدەستێت بە پێکهێنانی تەسەورێکی لێکدراو لە چەند کاریگەرییەکی سادە، ئێمە ناتوانین شتێك بناسین کە پێشینەی ئەزمونی لە ئێمەدا نەبوبێت، هەتا ناتوانین شتێك بەخەیاڵی خۆمان دروست بکەین کە کاریگەرییەکی هەستیمان بۆی نەبوبێ. (بابای،1389، 481) .

### تەوەرەی دوەم: ڕەخنەی هیوم لە میتۆدی ئیستقرا

هیوم وەك فەیلەسوفێکی گومانگەرا کە باوەڕی وایە ئاوەزی مرۆڤ مەحاڵە بتوانێت سروشتی شتە حەقیقیەکان بدۆزێتەوە کە لەخۆیاندا سەربەخۆن لە ئەزمون (کلی رایت، 2010، 219) چونکە ئێمە لە ڕێگای هەستەکانەوە تەنها دەتوانین ڕواڵەتی شتەکان بزانین، ئەوەی ڕەوانەی ئێمە دەکرێت تەنها پێدراوە هەستیەکانە نەك حەقیقەتی شتەکان، ئەوانە بابەتی میتافیزیکن لە دەرەوەی ئەزمونن و ناسینەوەیان بە هەستەکان مەحاڵە، بۆیە هیوم لە کۆتایی کتێبی (لێکۆڵنەوەیەك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ) دا ڕەخنەی لە میتافیزیك و بیرو بۆچونی لاهوتی دەگرێ و دەڵێت: ((ئەگەر کتێبکت کەوتە بەر دەست دەستبەجێ لە خۆت بپرسە ئایا لەم بەرهەمەدا بیرو بۆچونی تێدایە دەربارەی ژمارەو قەبارە و بارستایی؟ نەء

دەربارەی ڕاستەقینەو بون و ئەو بۆچونانەی تێیدایە کە پشت ئەستوربن بە ئەزمون وشارەزایی هەستەکی؟ نەء کەوابو ئەم کتێبە فڕێبدە ناو ئاگردانەوە)) (هیوم،2008، 221) کەواتا خۆسەرقاڵکردن بە ناسینەوەی بابەت لە دەرەوەی ئەزمون کارێکی نالۆجیکیە لە ڕوانگەی هیومەوە، هەربۆیە هیوم شۆڕشێکی فەلسەفی بەرپاکردوە کاتێك بنچینەی قانونی هۆیەکی لە ڕیشەوە هەڵتەکاندوە ساغی کردۆتەوە کە ئەو بڕیارەی دەڵێ هەمو کارێك ئەنجامی هەیە، هیچ بنچینەیەکی مەنتیقی نیە و ئەم بۆچونە تەنها بەهۆی دوبارە بونەوە دابی ژیانی ڕۆژانە لامان دروست بوە. (عزیز،2009، 197) هیوم تەنها بەمە نەوەستاوە بەڵکو کەوتۆتە چاندنی تۆوی گومان لە یاسا گشتییەکانی زانست و میتۆدی ئیستقرا، کە هەتا ئەمرۆش کاریگەری بەردەوامی هەیە لەسەر فەیلەسوفان و زاناکان. لە میتۆدی ئیستقرا پشت دەبەسترێت بەو گریمانەیەی کە سروشت ناگۆڕێت ئەو هەڵوێستەش لەوەوە دروست دەبێ کە باوەڕمان وایە ئەو ڕوداوانەی لە سروشتدا ڕویانداوە لە ڕابردو و ئێستادا ئەوا بە هەمان ڕێگاو لەسەر هەمان یاسا لە داهاتوشدا وا دەبێت و دوبارەدەبێتەوە لەسەر هەمان بنچینە، لێرەوە هیوم دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بیرو باوەڕە. (زیدان، 1968، 40-41)

ڕەخنەی هیوم لە میتۆدی ئیستقرا لەمەدا کورت دەبێتەوە هەمومان باوەڕمان وایە کە بەیانی خۆر هەڵدێت، بەڵام ئەگەر پرسیار بکەین کێشەی ئەم باوەڕبونە چیە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە خۆر لەڕابردو دەرکەوتوە هەروەها لە ئێستاشدا هەیە (زیدان، 1986، 153) ئەو بنەمایەی هیوم پشتی پێ بەستوە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم باوەڕە ئەوەیە ئایا هیچ بەڵگەو پاساوێکمان لەبەر دەستە کە ئەو نمونانەی کە شارەزایی و ئەزمونمان لە بارەیانەوە هەیە وەك ئەو نمونانەن کە شارەزایی و ئەزمونمان لە بارەیانەوە نییە؟ (مصطفى، عادل،2002، 153) کە دەڵێن هەمو ڕۆژێ خۆرمان بینیوە بە ڕۆشنی دەرکەوتوە ئایا ئەوە دەبێتە پاساو بەڵگەی بیروباوەڕمان کە لە داهاتوشدا خۆر بە ڕۆشنی دەردەکەوێت؟ (هیلی،2002، 83) هیوم پێی وایە ئەگەر بڕیاری بەشی ڕاست بو واتای ئەوە ناگەیەنێت کە بڕیاری هەمو یان گشتی ڕاستە، کە ئێمە دەگەینە بڕیارێکی گشتی کە ئاگر سوتێنەرە تاقیکردنەوەو ئەزمونی ڕابردو و ئێستا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، بەڵام بەڵگە چیە بۆ ئەوەی ئاگر لە داهاتوشدا دەسوتێنێ چۆن ئەوە دەسەلمێندرێت؟ (الشنيطى،1970، 123) چۆن دەتوانین بزانین کە لە داهاتوشدا هەمان شت دوبارە دەبنەوە بە هەمان شێوەی کە لە ڕابردودا ڕویداوە؟ چۆن دڵنیابین لەو گریمانەیەی کە ئیستقرا پشتی پێدەبەستێت، کە یاساکانی سروشت ناگۆڕێت، چۆن دڵنیابین کە یاساکانی سروشت ناگۆڕێت؟ ئایا هەمان ئەوانەی ئاماژەمان بۆکرد لەسەر بڕیارەکانی لۆژیك و ماتماتیکیش جێبەجێ دەبن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبینین هیوم جیاوازی دەکات لە نێوان بابەتەکانی لۆژیك و ماتماتیك لە لایەك و بابەتەکانی واقع لە لایەکی تر، ڕاستیەکی تەواوە کاتێك دەبینین 3×5=نیوەی ژمارە 30 ئەمە ڕاستییەکی تەواوە نەوەستاوە لەسەر هیچ تاقیکردنەوەیەکی ئەزمونی، واتا ئەم بابەتە بەستراوەتەوە بە شتێکی بەرجەستەیی کە دابەش دەبێت بۆ چەند بەشێك وەیان بونی شتێك لە جیهان بە شێوەی سێگۆشە یان بونی کۆمەڵێك پرتەقاڵ یان لیمۆ کە دیاری بکرێت یان جودا بکرێتەوە، پێوەری هیوم بۆ ڕاستی بابەتەکانی ماتماتیك و لۆژیك ڕاستییەکی ڕەهایە مەحاڵە کەموکوڕی تێدا بێت، بەڵام لەبارەی بابەتەکانی واقیع کە ڕاستیەکەیان وەستاوە لەسەر تاقیکردنەوەی ئەزمونی جیاوازە. (زیدان،2007، 151) هەروەها هیوم وای دەبینی کە هیچ بەڵگەیەکی ئاوەزی نیە لەسەر ئەوەی کەئاوەز ڕێگری بکات لەوەی کە تەباشیرێك(یان سێوێك) هەڵدەدەی سەربکەوێت بۆ سەرەوە لە بڕی ئەوەی بکەوێتە خوارەوە، بەڵام ئاوەز ڕێنادات کە (1+1=3) .چونکە هیوم باوەڕی وایە کە هیچ تاقیکردنەوەیەکی ئەزمونی نییە پەیوەست بونی ناچاری بسەلمێنێ کە ئەگەر بێت و لە ڕابردودا سوتان پەیوەست بوە بە ئاگر ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بڕیاربدەم کە بە دڵنیاییەوە هەمان شت لە داهاتو شدا ڕودەدات، کەواتە نەبەڵگەی ئاوەزی هەیە نە بەڵگەی ئەزمونی.(الشنيطى،1970، 123)

لێرەوە هیوم پێی وایە ئەم بڕیارەی کە ئێمە دەیدەین وە دەڵێین بەیانیش خۆر هەڵدێت لەسەر بنەمای خوگرتنی ئاوەزمانەوە لە دوبارەبونەو و چەندبارەبونەوەی ڕابردو دروست بوە، لەمەوە چاوەڕێی مان لە داهاتو هەیە کە ئەوەی لە ڕابردو ڕویداوە لە داهاتوش ڕو دەدات، بەڵام ئەم چاوەڕێیەی ئێمە هەمانە بێ بناغەیە، چونکە لە دروستکردنی ئەم چاوەڕێیەدا ئەزمونی ڕابردو بەکار دەهێنین بەوبڕوایەی کە داهاتوش وەك ڕابردو دەبێت، بەڵام سروشتی شتەکان قابیلی گۆڕانە لە داهاتودا، لەبەر ئەوە هیچ پەیوەندیەك نیە لە نێوان ئەزمونی ڕابردو وە ئەوەی کە ڕودەدات لە داهاتودا، جگە لە خوگرتنێکی ئاوەزو زەینمان بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندیە. (هیلی، 2002، 81-84) لێرەدا هیوم دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی کە گرنگ نیە چەند جار ئێمە سەرنج دەدین، دەبینین کە (ئەلف) و(بێ) دوبارەو چەندبارە دەبنەوە یەك بەدوای یەك داو هەرگیز بەبێ یەکیش نایان بینین، هەرگیز ناتوانین ئەمە بکەینە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی بگەینە ئەو گشتگیریەی کە هەمو (ا)بریتین لە (ب). چونکە دڵنیانین و ناتوانین پشت بەوە ببەستین کە سروشت وەك خۆی، وەك ڕابردو دەبێت، هەرهەوڵێك بۆسەلماندنی کەوتنە ناو بازنەیەکی داخراوە، کە هیچ سەرئەنجامێکی لێ دەرناچێت، بەڵکو لەخۆیدا دەسوڕێتەوە.(هیلی،2002، 82-84) لەم ڕوانگەوە دەگەینە ئەو سەرنجامەی کە مەبەستی هیوم ئەوەیە ئێمە لە ئەزمونەوە فێردەبین کاتێك سەرنج ئەدەین لە دو بارەبونەوەی ڕوداوەکان بەشێوەیەکی نەگۆڕ ئێمە چاوەڕێمان لادروست دەبێت کە ئەوەی دێت وەك ئەوە وابێت کە بینیومانەو دەبینین پشتمان بەستوە بە یاسایەك کە وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەی ئەم چاوەڕێیەش دروست دەکات تەنها خۆگرتنمانە کە پێی ڕاهاتوین نەك بەپێی یاسا و پرەنسیپێکی لۆژیکی لە زانستی زانیندا، چونکە یاسای سروشتی قابیلی گۆڕانە بۆیە ئێمە ناتوانین بە میتۆدی ئیستقرابە سەرئەنجامێکی گشتی ڕاست بگەین، دروستی پێشەکیەکان مەرج نیە کەوتنەوەی سەرئەنجامێکی گشتی بێت، کەواتا ئێمە ناتوانین بە میتۆدی ئیستقرا پێشبینی داهاتو بکەین. ئەوکێشەیە کە لەلایەن هیومەوە خراوەتە ڕو تائێستاش بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە ئەگەرچی کۆمەڵێك فەیلەسوف هەوڵیانداوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام بێهودە بوە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

## باسی دوەم: میتۆدی ئیستقرا و ڕەخنەی پۆپەر

پۆپەر[5] بنەمای (ئیستقرا) بە شتێکی هەڵەدا دەنێت، چونکە ئەوگریمانەیەی کە ئەو بنەمایە دەیان گرێتەبەر بەوپێیەبێت دەبێت ئایندە هاوشێوە بێت لەگەڵ ڕابردومان، پۆپەر نمونەیەك دێنێتەوە دەربارەی کەم و کوڕی بنەمای ئیستقرا کە دەڵێت: (کارەکە بەهەر چۆنێك بێت، ئەوا ژمارەی جارەکانی کە قازی سپی تیادا تێبینیکرا بێت ئەوە ناگەیەنێت یان بەڵگەو پاساوی ئەوە نابەخشێت بەو دەرنجامەی کە بڵێین (سەرجەم قازەکان سپین) بۆیە پۆپەر بنەمای ئیستقرای ڕەتکردەوە کە لەهەمانکاتدا بریتی بو لە ڕەتکردنەوەی کرداری دوبارەبونەوەکە بنەمای (ئیستقرا) پشتی پێدەبەستێت)، بۆیە دەڵێت پێوستە باس لە دوبارەبونەوەکان نەکەین یان ڕودانێك کە ڕویانداوە، لە جیاتی ئەمانە دەبێت باس لە دۆخەدروستەکان یان هەڵەبوەکان بکەین (عواضة، 1984، 87). ئەو پێی وایە بابەتێك بۆ لێدوان لەگۆڕێدا نییە تەنیا کێشە بونی هەیە و خواستی ئێمە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیانە، پۆپەر دەبێژێت ناکرێت ڕاستی تیۆرە زانستییەکان تاوتوێ بکرێت تەنیا دەکرێ بەشێوەی کاتی ڕتیان بکەینەوە. (پۆپەر،2015، 11-12) پۆپەر پێیوایە ئامانجی زانست ئەوە نیە کە تیۆریە زانستیەکان ساغ بکاتەوە و بەڕاستیان وەربگرێت، بەڵکو ئامانجەکە ئەوەیە کە تیۆریە هەڵەکان دەرخات و ڕەتیان کاتەوە تاوەکو تیۆریە هەڵەکان بنەبڕ بکەین، پۆپەر پێی وایە گرینگ نیە چەند جار ژمارەی سەرنجامی ئەم تاقیکردنەوانە پاڵپشتی لە ڕاستی تیۆرەکە دەکەن، چونکە لەڕوی لۆجیکەوە ناتوانێت ساغی بکاتەوە، بەڵام یەك دانە سەرئەنجامی نەرێنی (نەگەتیف) هەڵە بەسە لەروی لۆجیکەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم گریمانەیە.(بوبر، 1998، 64) پۆپەر لەبری میتۆدی ئیندەکشن (ئیستقرا) میتۆدی (شیانی ڕەتکردنەوە)ی دانا کاتێك کە هیوم وتی: لەژیانماندا هەمو ڕۆژێك دەبینین کە خۆر هەڵدێت، پێمان وایە

کە سبەینێش خۆر هەڵدێت، بەڵام وەك لۆجیك ناتوانین ساغی بکەینەوە کە سبەنێش و ڕۆژانی تریش هەروەك دوێنێ خۆرهەڵدێت، پۆپەر دەڵێت: ڕاستە ناتوانێن ساغی بکەینەوە کە بەیانیش وەکو دوێنێ خۆرهەڵدێت، بەڵام دەتوانین بڵێین هەمو ڕۆژێك خۆرهەڵدێت، ئەگەر ڕۆژێك خۆر هەڵنەهات ئەوا ئەم تیۆرە ڕەت دەبێتەوە، پۆپەر ئەمەی وەك چارەسەر دەبینی(مانی، 212،2018-213). پۆپەر بنەمای میتۆدی ئیستقرای ڕەتکردەوە لەبەرئەوەی پێی وابو ئەم بنەمایە ڕاستییەکی پوختی لۆجیکی نییە، بەڵگەش بۆئەوە ئەوەیە ئەگەرئەم بنەمایە ڕاستیەکی پوختی لۆجیکی بوایە ئەوا هیچ کێشەیەك بۆئیستقرا دروست نەدەبو، پۆپەر پێی وابو ڕەتکردنەوەی ئەم میتۆدە تەنها لەبەر ئەوەنییە کە ناتوانێ بابەتی زانستی لە بابەتی نازانستی جیابکاتەوە، بەڵکو پێی وایە لە بەگشتی کردنی تێبینیە بەشیەکانەوە هیچ شتێکی تازەمان بۆدەرناکەوێ، چونکە ئێمەناتوانین دروستی بڕیارێکی گشتی بسەلمێنین گەر تەنهاپشت بەبینینی دیاردەبەشیەکانی ناو سروشت ببەستین، لەبەر ئەوەی بینینی یەك دیاردەی جیاواز و نەگونجاو لەگەڵ بڕیارە گشتیەکەدا دەبیتە هۆی ڕەتکردنەوەی ڕەهای بڕیارەکە. پۆپەر لە دو ڕووەوە ڕەخنە لە میتۆدی ئیستقرا دەگرێت لە ڕوی لۆژیکی و لەڕوی سایکۆلۆژی.

### تەوەرەی یەکەم: ڕەخنەی لۆژیکی (لۆجیکی)

ئایا دەتوانرێت پاساو بهێنینەوە بۆ وتەیەك کە لەسەر بنەمایەکی گشتی شیکردنەوەی ڕاستی تیۆری دامەزرابێ، و بەهۆی ئەزمونەوە بسەلمێنرێت؟ پۆپەر بە نەخێر وەڵام دەداتەوە لەبەر ئەوەی لە ڕوی لۆجیکیەوە ناتوانین بڕیارێکی زانستی گشتی لە شتە لاوەکییەکانەوە هەڵهێنجین، پۆپەر هەوڵدانەکانی هیوم بەرز دەنرخێنێ کە تێیدا بەوە دەگات ئەستەمە بناغەیەکی لۆجیکی هەبێت بۆ ئیستقرا، هەروەها ئەستەمە پاساوێك هەبێ بەبێ پەنابردنە بەر گریمانە، پۆپەر هەندێ چەمکی هیومی گۆڕی لەبری (بیروباوەڕ) تیۆری شیکردنەوەی بەکارهێنا، و لەبری ئەوەی باسی خورەوشت بکەین باسی کێشەبینراو تێبینیەکان بکەین، پۆپەر پێیوابو هەرچەندە ژمارەی بڕیارەبەشیەکان زۆریش بێت وەك ئەوەی هەرچەندە ژمارەی ئەو قازەسپیانەی بینراون زۆربن ئەوە ڕێگرە لە بەردەم ئەوەی بڵێین سەرجەم قازەکان سپین، پۆپەر پێی وایە ئیستقرا پرۆسەیەکی دەرونییە نەك لۆجیکی، لەڕوی لۆجیکیەوە ناتوانین لەتاك تاکی شتەکانەوە بگەین بەبڕیارێکی زانستی گشتی. بڕوانە(قاسم،2001، 266-271).

### تەوەرەی دوەم: ڕەخنەی سایکۆلۆژی

پۆپەرلایەنێکی تری ئەم بابەتە دەخاتە ژێر گفتوگۆوە ئەویش لایەنی دەرونییە، بەهەمان شێوەی هیوم، بەڵام لە دوایدا دەرئەنجامێکی زۆرجیاواز لە یەکتریان هەبوە، پۆپەر پشتی بەوپرسیارە بەستوە بۆچی باوەڕمان وایە ئەو ڕوداوانەی کە لە ئەزمونەوە سەرچاوەیان گرتوە بەهەمان شێوەی ئەوڕوداوانەن کەلەدەرەوەی ئەزمونن؟ وەڵامی هیوم بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە زیاتر بەهۆی دوبارەبونەوەیە هەرشتێك زۆر دوبارە بۆوە وەکو یاسایەکی لێدێت، بەڵام پۆپەر بەپێچەوانەوە دەبێژێ دوبارەبونەوەی ڕوداوەکان یاسادەشکێنن، و دەبێژێت ئێمە بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوەبین دوبارەبونەوەی ڕوداوەکان و کاریگەریان لەسەرمان هەندیك یاسا بەسەرماندا بسەپێنن، ئێمە کارایانە هەوڵدەدەین یاسا بەسەر جیهاندا بسەپێنین، گرنگترین تێگە لۆجیکیەکان هزر دروستی دەکات نەك دوبارەبونەوە، ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نییە بیسەلمێنین کە داهاتو لەڕابردودەچێت، بۆ نمونە (ا) هۆیەکە بۆ دروستبونی (ب)، ئەی بۆچی ناتوانین بڵێین (ب) هۆیەکە بۆ (ا)؟، چونکە (ب)هەمیشە بەدوی (ا) دادێت، بۆچی ئەمە ڕودەدات چونکە (ا) هۆکارە بۆ(ب). لێرەدا کێشەی ئیستقرا ئاڵۆزتر دەبێ، چونکە دوبارەبونەوەی ڕوداوەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیارێك کە ئایا دەگونجێت ئێمە باوەڕی تەواومان هەبێت بەڕاستی ودروستی تیۆرییەك کە بەهۆی دوبارەبونەوە هاتبێتەکایەوە دوربێت لە توێژینەوە زانستیەکان؟ پۆپەر وەڵامی ئەم پرسیارە بە نەخێر دەداتەوە. وەڵامەکان ڕێژەیین گەیشتن بەرەهاو مسۆگەریەتی محاڵە، مسۆگەریەتی بڕیارە گشتیەکان تەنها

بۆلایەنە سایکۆلۆژیەکەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ بینین و بەردەوامی و دوبارە بونەوەی. (قاسم،2000، 267-273) هەروەها (بوبر،1986).

## ئەنجام

- ئیستقرا وەك میتۆدێکی ئەزمونی پێکدێت لەچەند پێشەکیەك و دواتر گەیشتن بەسەرنجامێکی گشتی لەم پێشەکیانە.

- ئیستقرای کۆن کەئەرستۆ دایناوە وپشت بە پێوانە دەبەستێ و ئیستقرای نوێ کە فرانسس بیکن دایناوە، بۆ دژایەتیپێکردنی لۆجیکی ئەرستۆ، کە ئامانجی دانانی یاسا گەلێکی گشتییە کە ڕاڤەی دیاردەکان بکات، یان مرۆڤ توانادار بکات لە پێشبینیکردنی ڕودانی لە داهاتودا.

- هیوم یەکەم کەس بو کەوتە ڕەخنەگرتن لەم میتۆدە و پێی وایە ناکرێت لە ڕێی ئەم میتۆدەوە بگەین بەزانینێکی دروستی گومان هەڵنەگر(یەقینی)، چونکە 1-دانە دانەی پێشەکییەکان کەپشت بەئەزمون دەبەستن لە توانادا نییە ئەزمون بکرێن وتاقی بکرێنەوە.2-ئێمەناتوانین لەسەر بنەمای پێشبینی داهاتو بنیاد بنێین، دوێنێ خۆرهەڵ هات ئەمرۆش خۆرهەڵ هات بەڵام چۆن بزانین بەیانی خۆرهەڵ دێت یان نا؟

- پۆپەریش: بەهەمان شێوەی هیوم کەوتە ڕەخنەگرتن لە میتۆدی ئیستقراو پێی وابو کە ناتوانرێت گریمانەکانی ئەم میتۆدە ساخ بکرێتەوە بۆیە پێویستە لە تاقیکردنەوە زانستیەکاندا بەکار نەهێنرێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا پۆپەر تیۆری (ڕەتکردنەوەی) دانا بۆ پێوەری جیاکردنەوەی ئەوەی کە زانستییە لەوەی کە نازانستییە.

- پۆپەر و هیوم هاوڕان پێیان وایە پێشبینی داهاتو لەسەر بنەمای ئەزمونی ڕابردو نالۆجیکییە و بەڵکوسایکۆلۆژییەو پەیوەستە بەخوگرتنی ئاوەزمان لەسەر بنەمای دوبارە بونەوەی ڕوداوەکان.

- پۆپەر پێی وایە دەبێ هەمو شتێك ئەگەری پوچوڵکردنەوەی لەناو خۆیدا هەڵگرتبێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە حەقیقەت نزیك ببینەوە دەبێ دیدێکی ڕەخنگەرانەمان هەبێ.

- لە کۆتایدا دەگەینە ئەوەی بڵێین سەرەڕای ئەو ڕەخنە زۆرانەی لە میتۆدی ئیستقرا گیراوە، بەڵام هێشتا لە مەیدانی توێژینەوەکاندا کاری پێدەکری و نەتوانراوە دەست بەرداری ببین، کێشەی ئیستقرا کێشەیەکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە سەری هەڵداوەو تا ئێستاش نەتوانرەوە چارەسەرێکی یەکجاری بۆ ئەم کێشەیەی بدۆزرێتەوە. ئەم میتۆدە لە زۆر کاری ڕۆژانەماندا بەکاری دێنین بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین، ئەگەرچی زاناو فەیلەسوفەکان هەوڵی زۆریانداوە بنەمایەکی دروست بۆ کێشەی ئیستقرا بدۆزنەوە یاخود بەتەواوی وازی لێبێنن و لێی دوربکەونەوە. ئیستقرا گرینگە وەك میتۆدێك و دەتوانین لە توێژینەوەکاندا بەکاریبهێنین، بەڵام ناتوانین دەرەنجامی بە ڕاست و دروستەیەکی ڕەها دابنێین، دەتوانین بڵێن ئەنجامەکانی ئیستقرا دەرئەنجامی واقیعین، نەك ڕاست و هەڵە.

### سەرچاوەکان


بوبەر، کارل(2015): ئازادی وبەرپرسیاریەتی ڕوناکبیران، عومەر ئیمام: چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی-هەولێر

عزیز، حەمید(2011): فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر–کوردستان.

عزیز،حەمید(2009): بنەڕەتەکانی فەلسەفە،چاپی دوەم،چاپخانەی ئەندێشە،سلێمانی– کوردستان.

عبدوالجەبار، نبیل عبدوالحەمید(2010): چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر

کەمال، محمد(2005): کێشەی بون لە مێژوی فەلسەفەدا، بەرگی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی –کوردستان.

ماگی، براین(2010): مێژوی فەلسەفە، وەرگێڕانی عوسمان حەمەڕەشید گورون، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی –کوردستان.

7-میهرین، مهرداد(2009): قوتابخانە فەلسەفیەکان، وەرگێڕانی: سیدۆ داود علی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی – کوردستان.

أبودية، أيوب(2009) العلم والفلسفة الأوروبية الحديثة(من كوبر نيق الى هيوم)، دارالفارابى –بيروت-لبنان،طبعة الاولى.

بوبر،كارل(1986): منطقة الكشف العلمى، ت: ماهر عبدالقادر محمد، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان.

جينز، جيمس (1981): الفيزياءوالفلسفة، ترجمة: جعفر رجب، دار المعارف، القاهرة.

الخولى، يمنى طريف (1988) فلسفة كارل بوبر منهج العلم –منطق العلم، دارالمعرفة، الأسكندرية.

الشنطى، محمد فتحى (1970) اسس المنطق والمنهج العلمى،دار النهضةالعربية، بيروت، لبنان.

عطيتو، حربى عباس، موزه محمد عبيدان(2003-1423هج): مدخل الى فلسفة ومشكلاتها، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان.

على، ماهر عبدالقادر محمد(1997) الفلسفة العلوم الميثودلوجيا(علم المناهج)، الجزءالسابع، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية،بيروت-لبنان.

فهمى، زيدان، محمود(1989) نظرية المعرفة (عند مفكرى الأسلام وفلاسفة الغرب المعاصرين)، الطبعة الاولى،دار النهضة العربية-بيروت.

فهمى، زيدان، محمود(2007) الأستقراء والمنهج العلمى، دار الوفاء الدنيا، ايسكندرية، الطبعة الاولى.

قاسم، محمد محمد(2001) فى الفكر الفلسفى المعاصر، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية،بيروت-لبنان.

كريم، متى(2001) الفلسفة الحديثة(عرض نقدى )، الطبعة ااثانية، دار الكتاب الجديد المتحيدة، بيروت-لبنان.

كلى، رايت وليم(2010): تاريخ الفلسفة الحديثة، ترجمة: محمود سيد احمد، الطبعة الاولى، الطابعة والنشر بيروت، لبنان.

مصطفى، عادل(2002): كارل بوبر، مائة عام من تنوير ونضرة العقل، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان.

هيلى، باتريك(2002): صورة المعريفة (مقدمة الفلسفة العلم والمعاصرة)، ترجمة: نورالدين شيخ سعيد، الطبعة الاولى، المنضمة العربية للترجمة، بيروت-لبنان.

هيوم، ديفيد(2008): مبحث فى المفاهمة البشرية، ترجمة: موسى وهبة، الطبعة الاولى، دار الفارابى –بيروت –لبنان.

باباى، بروز(1389): مكتب هاى فلسفى، چاپى دوەم، انتشارات نگاه، تهران.
ت.ز،لاوين(1389):ازسقراط تاسرتر،ترجمه: برويز بابايى، چاپ سوم، انتشارات نگاه، تهران.

**پەراوێزەکان:**

1- لە کوردیدا لە بەرامبەر وشەی ئیستقرا: (تێ خوێندنەوە) دانراوە وە دەتوانرێت لە بەرامبەریدا (تێگەڕان) بەکاربێنین بەڵام بەپێویستم زانی ئیستقرا کە زیاتربەکاربراوە وەك خۆی بەکاربێنمەوە.

2- فرانسس بیكن لە (26 ژانیوەری 1561) لە (لەندەن) هاتۆتە دونیا باوكی نزیك بوە لە سەڵتەنەتی ئینگلیز لە زانستی وتاردا زۆر هۆشمەند بوە، بیكن لە دوازدە ساڵیدا لە كەمبریج خۆی سەرقاڵی خوێندن بوە دوای سێ ساڵ بەهۆی بێزاری لە فێركایەكانی ئەم قوتابخانەیە كە لەسەر بنەمای (ئیسكولاتیسم) وازی لە خوێندن هێناوە، هەوڵی داوە فەلسەفەیەكی تازە رێكبخات دوای تەمەنی شازدەساڵی وەكو (سەفیری گەورەی ئینگلیز) لە پاریس هەڵبژێردرا، بەڵام دوای مەرگی باوكی دوبارە گەڕایەوە لەندەن لە بەشی یاسا خۆی سەرقاڵی خوێندن كردلەماوەی ژیانی چەندین پۆستی وەرگرتەوە (زۆر قسە ڕاست و ڕەوان بوە) .هەندێ لە بەرهەمە گرینگەكانی ئەمانەن:

(New Atlantis - the advancement of learning - novum organon - cogitate et visa - essays)

3- وشەی وەهم: (بتی )یشی بۆبەكارهاتوە، لە زمانی كوردیدا (وێژینگ )یشی لەبەرامبەردا دانراوە

4- فەیلەسوفی گومانكەرا و ئەزمونگەرایی ڕەخنەگر (دیڤید هیوم) لە (26ی ئەپریلی1711ز) لە ئەدنبرە لە ئسكتلەندا لە باكوری بەریتانیا لە دایكبوە، هیوم بە ماوەیەكی كورت بەر لە مردنی لەبارەی ژیانیەوە نوسیوەتی، خێزانێكی مام ناوەند بون لە لایەنی ماددی كاتێك باوكی مردوە منداڵەكانی بچوك بون، دایكی هیوم پارێزەر بوە خۆی تەرخان كردوە بۆ پەروەردەكردنی منداڵەكانی، هیوم لە تەمەنی 12 ساڵی چۆتە زانكۆ بۆ خوێندنی یاسا لەسەر ویستی دایكی، بەڵام دواتر ڕوی كردە خوێندنی فەلسەفە و زانكۆی جێهێشت بێ ئەوەی بروانامە بەدەست بهێنێت، پاشان چوە بۆ پاریس لە سەفارەی بەریتانی ئیشی كردوە، لە 28ساڵی لە پاریس كتێبی (سروشتی مرۆڤ) نوسی ئەو كاتە هیچ دەنگۆیەكی نەنایەوە، بەڵام دواتر باش بڵاو بوەوە لە كاتی مانەوەی لە پاریس لەگەڵ زۆرێك لە بیرمەندەكانی فەرانسا وەكو (رۆسۆ-هولباخ-دیدرۆ- دالامبرو‌تورگو) ئاشنا بوە و ئەو ماوەیەی لە فەرانسا ژیاوە، نازناوی( Lebon david)، پێدراوە، و لەشارەكەی خۆشی ئەدنبرە شەقامێك بەناوی كراوە( saint-davd )، لەگەڵ جانجاك رۆسۆ گەڕایەوە ئینگلتەرا وەك پەناهەندەی سیاسی، زۆرێك لە شاكارەكانی لە تەمەنی گەنجیدا نوسیوە، ماوەی 8ساڵ خەریكی نوسینی كتێبێك بوە كە ئێستا بەشاكاری بەرهەمەكانی دادەنرێت( a treatis of human natura )**دواتر** گرنگی بەبیرۆكەكانی داوە لە دو بەشی قەبارە بچوكتردا بڵاوی كردونەتەوە، لەتەمەنی 40بۆ50 ساڵی مێژوی ئینگلاندی نوسی كە لە شەش بەرگ پێكهاتوە، هیوم هاوڕێی نزیكی ئادەم سمیس بوە، كە دامەزرێنەری زانستی ئابورییە، هیوم خۆشی هەندێ تێوری سەبارەت بە دراو داناوە، هیوم ناوبانگی وەك فەیلەسوف دوای مەرگ پێدراوە هیوم یەكەم فەیلەسوفە كە ڕەخنەی لە میتۆدی ئیستقرا گرتوە و بنەمای هۆیەكی هەڵتەكاندوە و لەسروشتی مرۆڤایەتی كۆڵیوەتەوە، لە (25 \8\1776) بەهۆی نەخۆشی وەرەم مردوە. بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (دیڤید-2008-9-10)-(عربی،2003،ص176) (میهرین،2009، 207) (ابودیة، 2009،ص228)

**5-** سركارل ڕایمۆند پۆپەر لەساڵی 1902لەشاری ڤییەننا لەدایك بوە، لە سێپتەمبەری 1994كۆچی دوایی كردوە. یەكێكە لە كاریگەرترین تیۆر دارێژەران و فەیلەسوفانی ئەم سەدەیە، لە بارەی تیۆری سیاسی ومیكنیكی كوانتۆم، لۆژیك، میتۆدگەلی زانستی وتیۆری گەشەسەندن بیروبۆچونی خۆی خستۆتەڕو.كتێبەكانی بۆ29 زمانی جیهان وەرگێردراون.